Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.1.8

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Aram Gharib Qadir
aram.qadir@su.edu.krd

RECEIVED :05 /08/2024
ACCEPTED :01/10/ 2024
PUBLISHED : 15/02/ 2025

# بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لەلایەن ڕاهێنەرانی وەزارەتی پەروەردە لە دیدی مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری هەولێر

**عثمان عبدالله حمه أمين**/بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق
**ئارام غريب قادر**/بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
بەربەستەکانی ڕاهێنان، ڕاهێنانی ناو خزمەت، ڕاهێنەران، مامۆستایان

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنانە لەلایەن ڕاهێنەرانی وەزارەتی پەروەردە لە دیدی مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری هەولێر. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە؛ ڕێبازی وێنایی شیکاری بەکارهێنراوە، وە توێژەران پرسیارنامەکەیان وەک ئامرازێکی توێژینەوە ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە (40) برگە کە دابەشی سەر (5) بوار کراوە: (ئامانجەکانی خولی ڕاهێنان، ژینگەی ڕاهێنان، ناوەڕۆکی خولەکانی ڕاهێنان، ڕاهێنەران، شێوازەکانی چالاکیی پرۆسەی ڕاهێنان) دوای دڵنیابوون لە ڕەوایی و متمانەپێکراوی ئامرازەکە، پرسیارنامەکە لەسەر نمونەی توێژینەوەکە ئەنجامدرا کە پێکهاتبوون لە (444) مامۆستای نێر و مێ بۆ ساڵی خوێندنی 2023-2024. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە دەکەن کە پلەی گشتی بەربەستەکان لەبەردەم ڕاهێنانی مامۆستایان "مامناوەند" بووە، بەرزترینیان "بەربەستەکانی پەیوەست بە ڕاهێنەران" و نزمترینیان "بەربەستەکانی پەیوەست بە ژینگەی ڕاهێنان" بووە ، هەروەها ئەنجامەکان ئاماژە بە بوونی جیاوازی ئاماری دەکەن لەنێو تێکرای وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر گۆڕاوی ( ڕەگەز) کەلەبەرژوەندی ڕەگەزی مێ بوو، هەروەها ئەنجامەکان ئاماژە بە بوونی جیاوازی ئاماری دەکەن لەنێو تێکرای وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت)کەلەبەرژوەندی ئەو مامۆستایانە بووە کەخزمەتیان لە(10) ساڵ بەرەوسەرەوەیە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-1پێشەکی:

پەرەسەندن و پێشکەوتنی نەتەوەکان بە ئاستی توانایان لەسەر ڕێکردن و هاوشانبوونی پرۆسە جیاوازەکان لەم سەردەمەی کە زانیاری و زانینەکان لە هورژمهێنانێکی بێ ئەندازەدان پێوانە دەکرێت، هەروەها توانایان لەسەر خۆگونجاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانە بەوپەڕی لێهاتووییەوە، بۆیە خۆگنخاندن و تەوەزەلی و ڕاوەستان لە پەرەپێدانی خود، واتە بە بەستەڵەک بوونی هزری گشتی و دواکەوتن لە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گەلان، بە تایبەتیش لە بواری خوێندن و فێربوون. پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا بۆتە پێداویستییەکی هەنووکەیی و هەرە لە پێشی کۆمەڵگەکان، کە تیایاندا بانگەوازی چاکسازیی پەروەردەیی گشتگیرو هەمەلایەنە لە زیادبووندایە، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو پەرەسەندنە بێ ئەندازەیەی لە تەکنیکی پەیوەندیکردن و زانیارییەکان هاتوونەتە ئاراوە، ئەمانەش وا دەکەن پێداویستیی دیکەی نوێ بۆ ئامادەکردنی تاک لە جیهانێکی ئاراستەکراو بە تەکنەلۆژیا ببێتە خەم و خولیای ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن. زێدەباری ئەو گۆڕانکارییانەی لە هزری پەروەردەیی و فەلسەفەی پەروەردەیی دێنە ئاراوە، سەبارەت بەو ڕێگەیەی کە تاک لێیانەوە فێر دەبێت. بۆیە پرۆسەی پەروەردە ڕووبەڕووی هەڕەشەی ئەوتۆ دەبێتەوە کە پێشتر نموونەی نەبووە.

پیشەی خوێندن و فێرکردن، پێویستییان بە گەشەیەکی بەردەوام و نەپساوەی مامۆستایان هەیە لە کاتی خزمەتکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی فێرکردن، بە مەبەستی هاوشانبوون و ڕێکردن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا دێنە ئاراوە، ئەوەش لە میانی خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان و خۆفێرکردنی بەردەوام و توێژینەوە و خوێندنەوەو سەرنجدان و سەرپەرشتیکردن ، دامەزراوە پەروەردەییەکان لە زۆربەی وڵاتەکاندا، بایەخێکی جیاوازیان بە بەرنامەی ئامادەکردن و شیاندنی مامۆستاو ڕاهێنانیان داوە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستیان وبەرزکردنەوەی ئاستی کاراییان بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە پەروەردەییانەی چاوەڕوان دەکرێ بێنەدی، ئەمەش واتای پێویستیی بوونی مامۆستایەکی بە تواناو کارای ئامادەکراوە، ئامادەکردنێکی باش و ئەکادیمی و پیشەیی. لە سۆنگەی ئەوەی مامۆستا یەکێکە لە هۆکارو فاکتەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن، بۆیە بەردەوامیدان بە پرۆسەی ڕاهێنانیشی بۆتە پێداویستییەکی هەنووکەیی و هەرە لە پێش، بە مەبەستی گەشەپێدانی کارامەییەکانی و ئاستی ئەنجامدانی کارەکانی بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی فێرکردن دێنە بەردەمی دابین و مسۆگەر بکات.

ڕاهێنانی مامۆستایان چەندین شێوازی هەیە لەوانە ئامادەکاری تەواو پێش ئەوەی بچێتە ناوپیشەی مامۆستایەتی بە شێوەی پراکتیکی هەروەها ئەوەیتریان بریتیە لە ڕاهێنان لە کاتی پیشەی مامۆستایەتی هەرچەندە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن ئامانجیان پەرەپێدانی پیشەیی و بەرزکردنەوەی زانیاری و توانا پەروەردەیەکانی مامۆستایانە لە میانەی پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی مامۆستایەتی ، ئەوەش بە مەبەستی ئەوەی وایان لێ بکرێت توانای خوێندنەوەیان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە هەبێت و بە وردی شیکاری بۆ ئاراستەکانی بکەن و نەخشەکاریکردنی ستراتیجیش بۆ گونجاندن لەگەڵیان. (الجارودی، 2007، 17). زۆرترین هۆکارێکیش کە یارمەتیی ڕێنماییکردنی بودجەو هەستانەوەی ئاستی پیشەیی مامۆستا بدات و لەگەڵ توانا بەردەستەکاندا بگونجێت، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانە. (حسنین، 2005، 7).

هەروەها توێژینەوەکانی هەریەک لە (Sattler2001,Dennis1999) ئاماژە دەدەن کە گرنگە مامۆستایان لەکاتی خزمەتدا ئامادەبکرێن وبەشێوەیەکی گونجاو ڕاهینانیان پێبکرێت بۆئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای هاوچەرخدا لەبواری پەروەردەو فێرکردندا خۆیان بگونجێنن، هەرلەبەر پێویستە پرۆگرام و پرۆسەی ڕاهێنانی واله مامۆستایان بکات بتوانن بەدوای ئەو گۆڕانکاریە خێرایەوە بن کە جیهان بە خۆیەوە دەیبینێت .

سیستەمەکانی فێرکردن لە زۆربەی وڵاتان چ پێشکەوتووەکان، یان تازە بووژاوەکان، بە خێرایی پەنایان بردۆتە بەر بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنان و کاراکردنی ڕۆڵی لە پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن، ئەوەش لەسەر تەواوی ئاستەکان، چ سەرکردە یان مامۆستایان، هەروەها ئەو کارمەندانەی لە دەزگاکانی فێرکردن کار دەکەن. لە سۆنگەی گرنگی و ڕۆڵی مامۆستا، کە بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت و هێنانەدیی ئامانجەکان و خواست و ئومێدەکانی کۆمەڵگەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەوەش لە ڕێگەی ڕابوونی بە چەندین ڕۆڵی فێرکاری و پەروەردەیی و کۆمەڵگەیی.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت دەبێت کە پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی خزمەتکردن بریتییە لە: پرۆسەیەکی مەبەستدارو

بەردەوام بۆ زیادکردن و نوێکردنەوەی زانین و زانیارییەکانی کەسی ڕاهێنراو و گەشەپێدانی کارامەییەکانی و پێکهێنانی ئاراستەی ئەرێنی لەلایەن مامۆستادا.

## 2-1 کێشەی توێژینەوە:

پرسی ئامادەکردنی مامۆستاو گەشەپێدانی لە ڕووی پیشەییەوە ، چیدیکە بە پرسێکی لاوەکی دانانرێت، بەڵکو پرسێکی چارەنووسسازەو پەرەسەندنەکانی ژیان دەیسەپێنن، بە تایبەتیش کە ئێمە لە سەردەمی هەرەشەو گۆڕانکارییە گرنگ و گەورەکاندا دەژین، ئەوەش لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەی فێرکردن و جۆری مامۆستایان، لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییە هاوچەرخانەی خەریکە لەم ساڵانەی دوایی سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە ، تێکڕای وڵاتان خەریکن بە شێوەیەکی گشتی دووبارە چاو بە سیستەمەکانی فێرکردنیاندا دەخشێنێتەوە و بە شێوەیەکی تایبەتیش سیستەمەکانی ئامادەکردن و پڕۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان پەرە پێ دەدەن، ئەوەش لە میانی بەرنامەگەلێک کە زانیاری و زانینی پەروەردەیی و فێرکارییان پێ دەبەخشیت و کارامەییە پیشەییەکانیشیان فێر دەکات، ئەوەش وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ چەندین هۆکار کە دیارترینیان هوشیارییە بەرانبەر ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن و خۆگونجادنە لەگەڵیان، بە مەبەستی پشتگیری کردنی پێگەی ئەو پیشەیەو وا لە مامۆستاش بکات پەیامە ڕاستەقینەکەی خۆی لە کۆمەڵگەو بەپێی گۆڕانکارییە خێراو بەردەوامەکان ئەنجام بدات کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن. هەرێمی کوردستانیش لەوپەڕی پێویستیدایە بۆ بوونی مامۆستای ئەوتۆ کە توانای لەسەر گۆڕانکاری و گەشەپێدانی مرۆیی و هەستانەوەی کۆمەڵگە هەبێت، ئەمەش پێویستیی بە پێداچوونەوەی واقیعی ئامادەکردن و پڕۆسەی ڕاهێنانی مامۆستا هەیە لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئاستەی کە گونجاوە بۆی.

لە میانی ئەوەی پێشکەشکرا، گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەستنیشان دەکرێت:

1- ئەو بەربەستانە چین کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پڕۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر؟

2- ئایا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لەو بەربەستانە هەیە کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پڕۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر لە ئاستی بەڵگەداریی ( $\alpha \geq 0.05$) کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)؟

ئایا جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لەو بەربەستانە هەیە کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پڕۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر لە ئاستی بەڵگەداریی ( $\alpha \geq 0.05$) کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ئەزموون(ساڵانی خزمەت)؟

## 3-1 گریمانەکانی توێژینەوەکە:

١-نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی ( $\alpha \geq 0.05$) لە ناوەندە ژمێری وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەربەستەکانی پڕۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر، کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەز؟

٢-نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی ( $\alpha \geq 0.05$) لە ناوەندە ژمێری وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەربەستەکانی پڕۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر، کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ساڵانی خزمەت(ئەزموون)؟

## 4-1ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە هەوڵی هێنانەدیی ئەم ئامانجانەی خوارەوەی داوە :

١-ناسینی ئاستی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

٢-ناسینی ئاستی ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر- مێ).

٣-ناسینی ئاستی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانیان، بەپێی گۆڕاوی ساڵەکانی خزمەت (1-5ساڵ و 5-10ساڵ 10 ساڵ و زیاتر).

### 1-5 بایەخی توێژینەوەکە:

#### 1-5-1بایەخی تیۆری:

بایەخی توێژینەوەکە لە تیشک خستنە سەر گرنگترین ئەو بەربەستانە خۆی دەبینێتەوە کە ڕووبەڕووی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان دەبنەوە لە کاتی خزمەتکردن و توێژینەوەی لە چەندین لایەنەوە، لەوانەیە ئەم توێژینەوەیە سوود بە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و مەڵبەندی گشتیی مەشق و ڕاهێنان و پەرەپێدانی خوێندن وئەوانەی خولی ڕاهێنان ئەنجام دەدەن بگەیەنێت، هەروەها لەوانەیە سوود بە توێژەران و ئەو کەسانە بگەیەنێت کە لە بواری پەروەردەدا کار دەکەن.

تیشک دەخاتە سەر شیاندنی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن و ڕۆڵی مامۆستا لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەنجامدانی کارەکەی.

#### 1-5-2بایەخی پراکتیکی:

ئەم توێژینەوەیە بە زیادکردنێک دادەنرێت بۆ سەر توێژینەوەکانی پێشووتر لە بواری ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی خزمەتکردن، ئەنجام و ڕاسپاردەکانیشی لەوانەیە هاندەرێک بن بۆ باشترکردنی واقیعی پرۆسەی ڕاهێنان، ئەوەش بە ئاشکراکردنی هەندێک لەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی پرۆسەکە دەبنەوەو هەوڵێکیشە بۆ چارەسەر کردنی، سەربارى ئەوەى لەوانەیە سەرنجی توێژەران بۆ توێژینەوەو تاووتوێکردنی ئەم بابەتە ڕابکێشێت کە بریتییە لەو بەربەستانەی پەیوەندییان بە شێوازەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی هاوچەرخەوە هەیە، بە پێی ئەو پێداویستییە زانستی و تەکنیکییانەی هەیەتی و ئەو گۆڕانکارییە هاوچەرخانەی دەیانسەپێنێت.

سوود بە ڕاهێنەرانی مامۆستایان دەگەیەنێت لە زیادکردنی کاریگەری و کارایی و تواناو لێهاتووییان لە شێوازەکانی شیاندن و باشتر ئامادەکردنی کەرەستەو بابەتەکانی پرۆسەی ڕاهێنان.

### 1-6 سنووری توێژینەوەکە:

بریتیە لە :

١-سنووری بابەتی (ئەکادیمی) : لە سنووری بابەتی، توێژینەوەکە لەسەر ئەو بەربەستانە هەڵوەستە دەکات کە دێنە بەردەم پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن.

٢-سنووری مرۆیی: نموونەی توێژینەوەکە هەموومامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر بە هەردوو ڕەگەز لەخۆ دەگرێت.

٣-سنووری شوێنی: فۆرمی ڕاپرسی لەسەر مامۆستایانی هەردوو ڕەگەز لە قۆناغی بنەڕەتیی پەروەردەی ناوەندی پارێزگای هەولێر دابەش دەکرێت.

٤-سنووری دەمکات : توێژینەوەکە لە میانی وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی (2023- 2024) پراکتیزەو جێبەجێ کراوە.

### 1-7 زاراوەکانی توێژینەوەکەو پێناسە ڕێکارییەکانیان.

#### 1-7-1 بەربەستەکان (المعوقات):

(المغیدی، 1997) بەربەستەکان بەوە پێناسە دەکات کە: بریتین لە تێکڕای ئەو کۆسپ و ئاریشەو بەربەستە دارایی و کارگێڕی و هونەری و کۆمەڵایەتی و کەسایەتییانەی ڕێگە لە پرۆسەی ڕاهێنان دەگرن لە هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی یارمەتیی

باشترکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەدەن. (المغیدی، 1997: 71).

هەردوو توێژەریش لە ڕووی ڕێکارییەوە بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنان بەوە پێناسە دەکەن کە بریتین : لەو هۆکار، یان بەربەست، یاخود گرفت، یان هۆکارو فاکتەرانەی دەبنە ڕێگرو ئاستەنگ لە هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی نەخشەو پلانکارییان بۆ کراوە لە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن و وانەوتنەوە لە قوتابخانە حکومییەکان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

### 2-7-1 پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی خزمەت:

نوفل (2008) وا پێناسەی کردووە: بریتییە لە کۆمەڵە دیدارێکی فێرکاری- فێرکردنی پلاندارێژراو و ڕێکوپێک و بەرنامەدار لە ڕووی دەمکاتەوە، زنجیرەیەک ستراتیژیی فێرکاری- فێرکردن لەخۆدەگرێت کە ئاماجی گەشەپێدانی کارامەییە دیاریکراوەکانە بە پێی بنەمای تیۆری و پراکتیکی کە بەرنامەکە پشتی پێ دەبەستێت. (نوفل، 2008، 41).

بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانی پیشەیی لە ڕووی ڕێکارییەوە: لەم توێژینەوەیە وا پێناسە کراوە ئەو نمرە گشتییەیە کە مامۆستایانی هەردوو ڕەگەز لە قۆناغی بنەڕەتی لەو بەربەستانەی دێنە بەردەم پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن کە هەردوو توێژەر بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیان کردووە.

## 2 چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر:

### 2-1-1پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن:

چەمکی پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی خزمەتکردن: بریتیە لەو چالاکیە بەردەوام و نەخشە بۆدارێژراوانەی کە مامۆستا بە درێژایی پیشەی مامۆستایەتی ئەنجامیان دەدات و دەکەوێتە ژێر کاریگەریان.. ئەوەش بە مەبەستی گەشەپێدانی لە ڕووی زانستی و پیشەییەوە لە ڕێگەی دواندنی عەقڵ و ئارەزووی بۆ بەدەستهێنانی فێربوونی زانین و زانیاری و بیروباوەڕی هاوچەرخی پەیوەست بە پیشەو پسپۆڕییەکەی، هەروەها لە ڕێگەی زانینی هەستەوەرەکانی بە مەبەستی ئەوەی مامۆستا کارامەییەکان بەدەست بهێنێت و ئاستی ئەنجامدانی کارەکانی خۆی پێ باشتر بکات، زێدەباری دواندنی ویژدانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئاراستەکان و ڕەفتارە خوازراو و پێویستەکان، ئەوەش بە ڕێگەیەکی تەواو و ڕێکوپێک کە وای لێ بکات ببێتە کەسایەتییەکی سەردەمیانەو هاوتەریب و کارلێک لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەو باشترکردنی ئاستی قوتابییەکانی. (العاجز، 2004، 7). هەروەها بەوەش پێناسە کراوە: بریتییە لە پرۆسەیەکی بە ئەنقەست کە هۆکارەکانی فێرکردن سازو ئامادە دەکات و هاوکاریی کارمەندانی بواری پەروەردە دەکات لە بەدەستهێنانی چالاکی و کارایی لە کارەکانی هەنووکەیی و ئایندەدا ، سەرباری ئەوەی چالاکییەکی بەردەوامە بۆ پێدانی ئەزموون و کارامەیی و ئەو ئاراستانەی وا لە کەسەکە دەکەن ببێتە کاراکتەرێکی شایستەو شیاو بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک. (سناء، 2010، 64).

بە دڵنیاییەوە پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی خزمەت، زۆر گرنگە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان بە بێ جیاوازی، لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵە کاراو کاریگەرەی لە بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو لێهاتوویی و بەرهەمهێناندا دەیگێڕێت.

پیشەی وانەوتنەوە –مامۆستایەتی-ش یەکێکە لە پیشە هەرە گرنگەکان لە تێکڕای کۆمەڵگەکان، بۆیە لەسەر ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن بە بەرپرسانیشەوە، پێویستە ئەوپەڕی تواناو لێهاتوویی خۆیان بۆ هەستاندنەوەو باشترکردنی پرۆسەی ڕاهێنان لە ڕێگەی زانینی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوەو زاڵبوونیش بەسەریاندا. (الزهرانی، 2010، 36).

بنەماکانی پرۆسەی ڕاهێنان:

_کۆمەڵە بنەمایەک هەن بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانیان لەسەر ڕاوەستاوەو بریتین لە: (القحطانی، 2019، 134).

١-گشتگیری و هەمەلایەنی (الشمولیة): بە جۆرێک دەبێ نەخشەکاری و پلانی پرۆسەی ڕاهێنان سەرجەم فەرمانبەرانی دەزگاکە بگرێتەوە.

٢-نەخشەکاری و پلاندانان (التخطیط): پرۆسەی ڕاهێنانەکە بە پێی نەخشەو پلانێکی ساڵانەی بەرنامە بۆ دارێژراوی ورد بەڕێوەبچێت و ئەنجام بدرێت.

٣-بەردەوامی (الاستمرارية): بە جۆرێک پرۆسەی ڕاهێنانەکە بەر لە دەستبەکار بوون و لە کاتی کارکردنیدا بەردەوامی هەبێت.

٤-دەست بەتاڵبوون (التفرغ): هەڵبەتە پێویستە ئەو کەسەی ڕاهێنانی پێ دەکرێت لە ڕۆژی ڕاهێنانەکەیدا دەستی بەتاڵ بێت و نەچێتە سەر کارەکەی.

٥-واقعیبوون: دەبێ بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنان و ئامانج و چالاکییەکانی لە واقعی ئەو کەسەوە نزیک بێت کە ڕاهێنانی پێ دەکرێت، تاکو ڕاستەوخۆ توانای پراکتیزەو جێبەجێکردنی ئەوەی هەبێت کە مەشق و ڕاهێنانی لەسەر دەکات.

٦-پلەبەندی (التدرج): زۆر پێویستە نەخشەسازی و دیزاینکردنی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنان بە شێوەیەکی پلەبەندی بێت لە ئاسانەوە بۆ گران.

٧-پەرەسەندن (التطور): پێویستە بەرنامەی پرۆسەکە لە بابەت و شێوازەکەیدا نوێ سازی تێدابێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی ڕاهێنانی پێ دەکرێت شتی نوێ لە بواری پسپۆرییەکەی خۆی فێربێت و سوودی لێ ببینێت.

٨-ڕێزگرتن: پێویستە چەمکی ڕێزگرتن لە ناو هۆڵی ڕاهێنان و دەرەوەی و لە نێوان سەرجەم ئەندامانی پرۆسەی ڕاهێنانەکەدا لەوپەڕیدا بێت. (ڕاهێنەر، بەشداربوو).

٩-پیادەکردن (الممارسة): بەڕێوەبردنی پرۆسەی ڕاهێنان بریتییە لەو کاری ڕاهێنانەی کە لە میانی پرۆسەی ڕاهێنانی ناوخۆیی دێتە ئاراوە بە ئامانجی بەدەستهێنان و فێرکردنی ئەزموون و تاقیکردنەوە.

١٠-پابەندبوون (الالتزام): بە واتای پابەندبوونی بەشداربوو و سەرۆکەکەی بۆ بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنان، ئەو کاتەی بۆ بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەکە دەپاڵێورێت.

### 2- 1-2فەلسەفەی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن:

شۆڕشی زانیارییەکان لەمڕۆدا پشت بە زانینی پرۆسەی پێشکەوتوو و باشترین بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە دەبەستێت کە بە هەنگاوی خێراوە هورژم دێنن، بە جۆرێک سەردەمەکەمان بۆتە سەردەمی گۆڕانکاریی خێراو کرانەوەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و شارستانی بە رووی جیهاندا، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بایەخدان بە جۆرێکی نوێی پرۆسەی ڕاهێنان بۆتە جێگەی بایەخی پەیوەندیداران، کە تیایدا تاک و کۆمەڵگە بۆ ڕاستییەکان و دینامیکییە نوێیەکان سازو ئامادە دەکات. لەم چوارچێوەیەشدا دەکرێ بگەینە فەلسەفەیەکی پێشنیارکراو بۆ سیستەمی پرۆسەی ڕاهێنان کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پرۆسەی ڕاهێنان جۆریکە لە جۆرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ئامرازێکیشە بۆ باشترکردنی دەرچەی دامەزراوە فێرکارییەکان و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و دابینکردن و مسۆگەرکردنی بەردەوامیدان و پێکهێنان و بونیادنانی تاکی ئەوتۆ کە توانای لەسەر سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی فێرکردن و پەرەپێدانی هەبێت و لێهاتوویيە فێرکارییەکانیش بهێنێتەدی و مسۆگەریان بکات. (حسين والحسن، 2017، 35).

### 2-1-3ئامانجەکانی پرۆسە ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردندا:

ئامانجی سەرەکی لە بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن، بریتییە لە ئامادەکردنی مامۆستا کە ئاست و ڕێژەیەکی زۆر لە زانین و زانیاری هەبێت و کۆمەڵە کارامەییەکی هونەری و سەرکردایەتیکردنیشی فێر بکرێت، کە وای لێ بکەن توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابییەکانی و ڕوودانی گۆڕانکاریی ئەرێنی لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان بهێنێتەدی، ئەوەش لە میانی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1-بەرزکردنەوەی ئاستی سەرکردایەتیکردنی پەروەردەیی و بەهێزکردنی توانای لەسەر باشتر بەکارهێنانی دەرامەتە مادی و مرۆییە بەردەستەکان، خۆگونجاندن و سازانی ئەرێنیش لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەوراندەوری پرۆسەی خوێندن و فێربوونیان داوە.

2-پەرەپێدانی ئەنجامدانی کاری دارایی و کارگێڕیی دامەزراوە فێرکارییەکە.

3-بەرزکردنەوەی ئاستی ئەنجامدانی کاری مامۆستایان لە بابەتەکان و پەرەپێدانی زانین و زانیارییەکانیان و زیادکردنی

توانای داهێنەرانەیان.

4-بەهێزکردنی ئەزموونەکانی مامۆستایان و پەرەپێدانی کارامەییەکانیان و ئاشناکردنیان بە کێشەو گرفتەکانی خوێندن و ڕێگەکانی چارەسەرکردنیان و زاڵبوون بەسەریاندا.

5-بەرچاو ڕوونکردنی مامۆستا بەو ڕێگە گونجاوانەی کە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی بە ڕێگەی باش و توانایەکی کەم و کاتێکی کورتیش یارمەتیی دەدەن.

6-چارەسەرکردنی لایەنە کەموکوورییەکانی ئەو مامۆستایانەی لە ڕووی پەروەردەییەوە بە تەواوی سازو ئامادە نەکراون. (علی، 2018).

## 2-1-4گرنگیی پرۆسەی ڕاهێنان لە کاتی خزمەتکردن بۆ مامۆستا:

1-ڕەخساندنی دەرفەت بۆ مشتومالّکردنی کارامەییەکان و بەدەستهێنانی ئەزموونی زیاتر.

2-پێدانی زانیاری و داتا پەیوەستەکان بە کارەکەیەوە.

3-توانای دۆزینەوەی ئەزموون و وزەی کارمەندان و بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی و کارایی.

4-یەکخستن و گونجاندنی ئاراستەکانی مامۆستایان بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجەکانی قوتابخانەو بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی بەرهەمهێنان. (علیوە، 2001، 12).

5-پرۆسەی ڕاهێنان لای تاک گەشە بە ئەزموون و توانای لەسەر خۆگونجاندنی لە ژیانی کرداری دەدات و زیاتر چالاکی دەکات.

6- بەرەوپێشبردنی زیاتری پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و فێرکاری لە ڕووی چەندایەتی و جۆری و چۆنایەتییەوە، چونکە لە ڕێگەی ئەوەوە وا لە مامۆستا دەکات بەو کارامەیی و تواناو لێهاتووییە بەرزانەی هەیەتی، ئاستی قوتابیانیشی بەرزتر بکاتەوەو بە شێوەیەکی ئەرێنیش کاریگەریی بۆ سەر ئەوانەی دیکەش هەبێت.

7-مامۆستای ڕاهێنراو بە ڕێگەیەکی باش، شارەزایی تەواوی لە کارەکەیدا هەیەو پێویستیی بەوە نییە سەرپەرشتیار، یان بەڕێوەبەری قوتابخانە زۆر سەردانی بکەن و لە کارەکەیدا ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێشکەش بکەن.

8-کەم کردنەوەی خۆدزینەوەی قوتابی، ئەوەش لە ئەنجامی بەردەوامیی مامۆستای ڕاهێنراو بە شێوەیەکی باش بۆ کێشەو گرفتەکانی قوتابیان و کارکردن لەسەر چارەسەرکردنیان بە ڕێگەی ئاشتیانەو دروست. (داود، 2014).

## 2-1-5 ئەرکەکانی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان:

بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان چەندین ئەرکی گرنگ هەن، (الاشقر والعاجز، 2010، 22) بەمجۆرەی خوارەوە دەستنیشانیان کردووە:

1-ئەرکی قەرەبووکردنەوە (وظیفة التعویض): لە سەر بنەمای تەواوکردن و پڕکردنەوەی درزو کەلێنەکانی شیاندنی مامۆستایان و تەواوکردن و چارەسەرکردنی کەموکوورییەکانیان بونیاد دەنرێت.

2-ئەرکی خۆگونجاندن (وظیفة التکیف): توانای خۆگونجاندن و ژیانکردنە لەگەڵ پێداویستییەکان و پەرەسەندنە زانستییەکانە لە تەوەری ڕێگەو تەکنیکەکان.

3-ئەرکی بەرفراوانکردن (وظیفة التوسع) : بە واتای توانای ماوەی پرۆسەی ڕاهێنان دێت لەسەر فێرکردنی ئەو کەسەی ڕاهێنانی پێ دەکرێت بە بابەتی هەمەجۆر، نەک تەنها یەک بابەتی دیاریکراو.

4-ئەرکی تایبەتمەندی و پسپۆڕی (وظیفة التخصص والخبرة): مەبەست لێی فێرکردنی کەسی ڕاهێنراوە لەسەر زانینە تەواوکارییەکان بە مەبەستی هەڵسوکەوت کردن و ئەنجامدانی کاری جیاواز لە کەسانی دیکە.

5-ئەرکی نوێکردنەوە و داهێنان (وظیفة التجدید والابتکار): مەبەست لێی تەواوکاریی نێوان تیۆرو پراکتیک و نێوان سەرجەم چاکسازییە پەروەردەییەکانە.

### 2-1-6پاساوەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردندا (عطوی، 2001، 207):

1-زۆربوونی ژمارەی قوتابیان و قوتابخانەکان لە میانی کارکردن بە ڕێساو بنەمای گشتاندنی پرۆسەی فێرکردن، ئەمەش وا دەکات سیستەمە پەروەردەییەکان لە ئاست دابینکردن و ئامادەکردنی ژمارەی زۆری ئەو مامۆستایانەی خاوەن تواناو خەسڵەتی جیاوازو جۆرین بێ توانا بن.

2-پەرەپێدانی سیستەمە پەروەردەییەکان: پەرەسەندنە گەورەو زۆرو زەوەندەکان کە سیستەمی پەروەردە بەخۆوەی بینیوە، پێویستیی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە لە ئەرکەکانی مامۆستایان لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی کارەکانیان لە لایەنی کرداری و گەشەپێدانی بیرکردنەوەیان و ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکە کەسییەکانیان.

3-بەرەوپێشچوونی زانین و تەکنەلۆژیا، وایکردووە دانانی مامۆستا لە قالب و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی شیاندن و ئامادەکردنی مامۆستا لە توانادا نەبێت.

### 2-1-7 بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن:

**یەکەم / بەربەستەکانی دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان:**

چەندین بەربەستی جۆراوجۆر هەن کە پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان دەستنیشان دەکەن و لە سیستەمێکی پەروەردەییەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازییان هەیە، هلال (2003) ئەو بەربەستانە بەم جۆرەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

1-نەبوونی کاتی تەواو.

2-نەبوونی سیستەم و سەرچاوەی تەواوی داتاکان.

3-نەزانین و نەشارەزایی کارمەندان لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی شیکارییە پێویستەکان بۆ دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان.

4-بێ باوەڕی ئەو کارمەندانەی سوود لە پرۆسەی ڕاهێنان وەردەگرن، لە گرنگی و بایەخی پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان و بێ تواناییان لە کۆکردنەوەی داتا ڕاستەقینەکان.

**دووەم/ ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی توێژینەوە ریکارییەکانی مامۆستا دەبنەوە: (ابو عطوان، 2008، 70) بەمجۆرەی خوارەوە باسی کردوون:**

١-کەمی کاتی مامۆستایان لە سایەی ئەو ئەرکە گران و تواناپرووکێنانەی کە پرۆسەی وانەوتنەوە لەسەری سەپاندوون.

٢-لاوازیی پشتگیریی ماددی و ئەکادیمی بۆ توێژینەوە ڕێکارییەکان.

٣-لاوازیی باوەڕی توێژینەوەیی لای مامۆستایان.

٤-ڕانەهێنانی مامۆستایان لەسەر توێژینەوەی ڕێکاری.

٥-لاوازیی بوێری و ئارەزوو نەکردنی مامۆستایان لە تاقیکردنەوەو ئەزموونکردن و خۆدەربازکردن لە هەڵوێستەکە.

**سێیەم / ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی وۆرکشۆپ و کۆڕە فێرکارییەکان دەبنەوە:**

(عطاری، 2005، 271) بەم جۆرەی خوارەوە باسی ئەو بەربەستانە دەکات کە ڕووبەڕووی وۆرکشۆپ و کۆڕە فێرکارییەکان دەبنەوە:

١-کەمی ژمارەی مامۆستایانی ڕاهێنراو لەسەر دەستنیشان کردنی کێشەو گرفتەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیان بەپێی میتۆدو ڕێبازی زانستیی دروست.

٢-کەمی ئەو کەسانەی بۆ سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی وۆرکشۆپ و کۆڕو کۆبوونەوە فێرکارییەکان سازو ئامادە کراون.

٣-سوود وەرنەگرتن لە تەکنیکەکانی هاوچەرخ.

٤-دابین نەکردنی تەواوی توانا مادییەکانی وەکو ئامێرو ئامرازو کەرەستە پێویستەکان.

٥-نەگونجانی ئەو کاتانەی وۆرکشۆپ و کۆڕو کۆبوونەوەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، سەبارەت بە بەشداربووان.

**چوارەم/ بەربەستە تایبەتەکان بە شوێنی پرۆسەی ڕاهێنان: (أبو عطوان، 2008، 71):**

١-ئامادە نەکردنی شوێنی پرۆسەی ڕاهێنان.

٢-دابین نەکردنی کەرەستەو کەلوپەلی گونجاو بۆ ئەوانەی ڕاهێنانیان پێ دەکرێت.

٣-دابین نەکردنی ئامرازەکانی پشوودان.

٤-کەمی ئامێرو ئامرازی تەکنیکی یان کۆنی ئەوانەی هەن، یاخود بە کەڵک نەهاتنیان.

**پێنجەم/ ئەو بەربەستانەی تایبەتن بە بابەتەکانی پرۆسەی ڕاهێنان:**

١-نەگونجانی بابەتەکانی پرۆسەی ڕاهێنان بۆ پێداویستییەکانی ئەوانەی ڕاهێنانیان پێ دەکرێت، ئەمەش دەبێتە مایەی پەککەوتن و تێکچوونی بەرنامەکانی ڕاهێنان لە ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەکی پێویست لە ئاراستەو کارامەیی و ئاستی زانینی ئەوانەی ڕاهێنانیان پێ دەکرێت.

٢-هاوشان نەبوون و نەگونجان و ڕێنەکردنی بابەتەکان بۆ پەرەسەندنە پەروەردەییەکان و دەروونزانی. (أبو عطوان، 2008، 72).

**شەشەم / ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی ڕاهێنەر دەبنەوە لە کاتی پرۆسەی ڕاهێنان:**

(James, 1993 ,90-88) بەم جۆرەی خوارەوە باسی ئەو بەربەستانە دەکات کە ڕووبەڕووی ڕاهێنەر دەبنەوە لە کاتی پرۆسەی ڕاهێنان و بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-لەوانەیە ڕاهێنەرەکە هەموو خاڵەکانی پرۆسەکەی لە بیر نەبێت، یان پشتگوێی بخات، ئەوەش لەبەرئەوەی بۆتە کارێکی نەگۆڕو ڕۆژانە لای، بەڵام کەسی ڕاهێنراو ئەوە نازانێت، کەواتە لەسەر ڕاهێنەر پێویستە هەموو زانیارییە بنەڕەتییەکان بە یەکترییەوە ببەستێتەوەو پێشکەشی کەسی ڕاهێنراوی بکات.

٢-لەوانەیە ڕاهێنەر جەخت لەسەر هەندێک کاروباری ئەوتۆ بکاتەوە، پێی وابێت گرنگن و کاتێکی زۆرو درێژیش بخایەنێت.

٣-لەوانەیە ڕاهێنەر لەگەڵ هەندێک لەوانەی ڕاهێنانیان پێ دەکرێت –ئەوانەی بە خێرایی تێناگەن- ئارامی لە دەست بدات و پاشان وا بزانێت ئەو کەسە ڕاهێنراوەی درەنگ تێدەگات کەسێکی گەمژە بێت.

٤-لەوانەیە ئاستەنگ و زەحمەتی لە وتنەوەو بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی گونجاو بێتەڕێی و توانای گەیاندنی واتاکەی بە تەواوی نەبێت.

٥-لەوانەیە ڕاهێنەر بەرانبەر ئەو کەسەی ڕاهێنانی پێ دەکرێت تووڕەو نائاسوودە بێت، ئەوەش بە هۆی نزمی ئاستی لە زانینی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان، چونکە ڕاهێنەری باش دەتوانێت متمانەو هاوکاریی ئەو کەسانە بەدەستبهێنێت کە ڕاهێنانیان پێ دەکات.

**حەوتەم / بەربەستی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردندا:**

چەندین بەربەستی دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان هەن و لە سیستەمێکی پەروەردەییەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازییان هەیە، هلال (2003) بەم جۆرەی خوارەوە باسی ئەو بەربەستانە دەکات:

١-دابین نەکردنی کاتی تەواو.

٢-نەبوونی سیستەمی سەرچاوەی تەواوی داتاکان.

٣-نەزانین و نەشارەزایی کارمەندان لە چۆنیەتیی ئەنجامدانی شیکارییە پێویستەکان بۆ دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان.

٤-بێ باوەڕیی کارمەندان لە سوودوەرگرتنیان لە بایەخی دەستنیشان کردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان و پێنەدانی داتای ڕاستەقینەو تەواو پێیان.

**هەشتەم / بەربەستەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ڕاهێنان:**

وێڕای بایەخی هەڵسەنگاندن لە باشترکردنی پرۆسەی ڕاهێنان و ئەنجامەکانی، بەڵام چەندین بەربەست و کۆسپ و ئارێشە

هەن، ڕێگە لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ڕاهێنان دەگرن، لەوانەش (العتيبي، 2017 ، 98) بەمجۆرەی خوارەوە باسی کردوون:

١-بایەخ نەدانی کارگێڕی باڵا.

٢-بێ توانایی بەرپرسانی ڕاهێنان و سەرپەرشتیاران لە ئاست کارامەییەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ڕاهێنان.

٣-کەموکوڕی لە ئامێرەکانی هەڵسەنگاندن، وەکو ڕاپرسییەکان و هاوشێوەکانیان.

٤-متمانە نەکردن بەو کاریگەری و شوێنەوارە دیارو بەرچاوەی کە دەکرێ پرۆسەی ڕاهێنان ئەنجامی بدات و بیهێنێتە ئاراوە.

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشووتر:

### 2-2-1- توێژینەوەی العتيبى (2017):

ئەم توێژینەوەیە لە سعودییە ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی ئافرەت بوو لە کاتی خزمەتکردن، لە قوتابخانەکانی شاری ڕیازو لە ڕووانگەی بەڕێوەبەرەکان و مامۆستایان و جیاوازییە بەڵگەدارییە ئامارییەکانی نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەو بەربەستانەی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی ئافرەت لە کاتی خزمەتکردن بەپێی گۆڕاوی توێژینەوەکە (ناونانی فەرمانبەری- جۆری قوتابخانە)، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسف شیکاری بەستبوو. نموونەی توێژینەوەکەش لە (80) مامۆستای ئافرەت و بەڕێوەبەری قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکانی قۆناغی خوێندنی گشتی لە شاری ڕیاز پێکهاتبوون. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان ڕوونکردەوە کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تا ئاستێکی زۆر ڕەزامەندییان لەسەر بواری بەربەستە کارگێڕییەکان لە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی ئافرەت لە کاتی خزمەتکردن لە قوتابخانەکانی شاری ڕیاز داوە، هەروەها ڕەزامەندیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بواری بەربەستە کەسییەکان لە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی ئافرەت لە کاتی خزمەتکردن لە قوتابخانەکانی شاری ڕیاز بە پلەی دووەمی بوارەکان هات، زێدەباری ڕەزامەندیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بواری بەربەستە هونەرییەکان لە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی ئافرەت لە کاتی خزمەتکردن لە پلەی سێیەمی بوارەکاندا هات.

### 2-2-2توێژینەوەی القحطاني (2019):

ئەم توێژینەوەیە لە سعودییە ئەنجام دراوە، ئامانجی زانین و ناسینی هەڕەشە (کارگێڕی، مرۆیی، تەکنیکی و داراییانە) بوو کە ڕووبەڕووی دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی بوو لە شاری ڕیاز، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەش، توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسف شیکاری بەستبوو، لە دوای پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە (فۆرمی ڕاپرسی) بەسەر سەرجەم نموونەکانی توێژینەوەکە کە لە (309) مامۆستای قۆناغی ناوەندی لە شاری ڕیاز پێکهاتبوون، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕەزامەندی بە نمرەی مامناوەندی لە نێوان تاکەکانی توێژینەوەکە لەسەر ئەو هەڕەشەو بەربەرستانەی ڕووبەڕووی کارگێڕیی پرۆسەی ڕاهێنان دەبنەوە بەدەستهێناو هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی قۆناغی دواناوەندی لە شاری ڕیاز، بە جۆرێک کە هەڕەشە داراییەکان بە پلەی یەکەم و نمرەیەکی بەرز هاتن، لە دوای ئەوانیش هەڕەشە کارگێڕییەکان و ئینجا هەڕەشە تەکنیکییەکان، کە هەر هەموویان بە نمرەی مامناوەندی بوون، لە کۆتاییشدا هەڕەشە مرۆییەکان وەکو کەمترین هەڕەشە کە ڕووبەڕووی دانان و دامەزراندنی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی قۆناغی دواناوەندی لە شاری ڕیاز دەبنەوە.

### 2-2-3توێژینەوەی عبدالرحمن (2019):

ئەم توێژینەوەیە لە ئەردەن ئەنجام دراوە، ئامانجی ئاشکراکردنی دیارترین بەربەستی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان بوو لە کاتی خزمەتکردن لای مامۆستایانی قوتابخانە حکومییە ئەردەنییەکان لە پایتەختی عەممان، هەروەها ڕێگاکانی زاڵبوون

بەسەر ئەو بەربەستانەدا. توێژەر میتۆد (ڕێباز)ی وەسف شیکاری بەکارهێناوە، داتاکانیشی لە میانی راپرسییەک کۆکردۆتەوە کە بەسەر قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی ناوچەی یەکی عەممان دابەش کردبوو، نموونەی توێژینەوەکەیشی بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی سادە هەڵبژاردبوو کە لە (350) مامۆستا لە هەردوو رەگەز پێکهاتبوون، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەی بەوەداوە کە ئاست و نمرەی گشتیی بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن بە نمرەی "مامناوەندی" بوو، بەرزترینیشیان "بەربەستەکانی پەیوەست بە پلاندانان بوو"، نزمترینیشیان "بەربەستە پەیوەستەکان بەوانە بوو کە ڕاهێنانیان پێ دەکرێت"، گرنگترین ڕێگاکانی زاڵبوونیش بەسەر ئەو بەربەستانە بریتی بوون لە "بەکارهێنانی پاداشت و هاندان و بەرزکردنەوەی سەرکەوتووەکان و ئەوانەی لە پرۆسەی ڕاهێنانەکەدا دەرکەوتن".

### 2-2-4توێژینەوەی السامرائی (2022):

ئەم توێژینەوەیە لە عێراق ئەنجامدراوە، ئامانجی ناسین و زانینی گرنگترینی ئەو بەربەستانە بوو کە ڕێگە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان دەگرن لە کاتی خزمەتکردن بۆ مامۆستایانی بابەتە زانستییەکان (کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی، بیرکاری) لە قوتابخانە ناوەندییەکانی بەشی پەروەردەی سامەڕا، توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، ئامرازی توێژینەوەکەیشی بریتی بوو لە فۆرمێکی راپرسی کە لە (44) بڕگە پێکدەهات و بەسەر (5) بواردا دابەشی کردبوون و بریتی بوون لە : (ئامانجەکانی خولی پرۆسەکانی ڕاهێنان، ژینگەی ڕاهێنان، ناوەڕۆکی خولەکانی ڕاهێنان، ڕاهێنەران، شێوازەکان و چالاکییەکانی پرۆسەی ڕاهێنان)، دوای دڵنیابوون لە راستگۆیی و جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە، بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا پراکتیزەو جێبەجێ کرا، کە بریتی بوون لە مامۆستایانی ئەو بابەتانەو ژمارەیان گەیشتە (104) مامۆستا لە هەردوو رەگەز، ئەنجامەکانیش ئەوەیان دەرخست کە تێکرایی گشتیی راپرسییەکەی ئامرازی توێژینەوەکە بە مامناوەندییەکی شیاو (3.420) و کێشەی سەدی (78.40%) و مەزەندەی (رەزامەند) بۆ راوبۆچوون و مەزەندەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، دەربارەی بڕگەکانی راپرسییەکە بە شێوەیەکی گشتی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی ئەو بەربەستە راستەقینانەی ڕێگە لە ئەنجامدانی خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان دەگرن، هەروەها ئەنجامەکان ئەوەشیان دەرخست کە جیاوازییە بەڵگەدارییە ئامارییەکانی نێوان ناوەندەی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05)، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی (رەگەز، ساڵەکانی خزمەت).

### 2-2-5 لایەنەکانی سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشووترەوە:

أ-ناسین و زانینی ئەو ئامانجانەی کە دەیانپێکێ و پەیوەندیی بە گرفتی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاوە.

ب_ناسین و زانینی ڕێبازی توێژینەوەکانی پێشووتر و سوودوەرگرتن لێیان لە ڕێبازی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

ج- پشتگیریکردنی چوارچێوەی تیۆری بەو زانیاری و داتایانەی کە توێژینەوەکانی پێشووتر تاووتوێیان کردوون.

د-یارمەتیی زانین و ناسینی ئەو ئامرازو هۆکارە ئامارییانەی داوە کە بۆ شیکردنەوەی داتاکان گیراونەتەبەر.

هـ-بەشداری لە شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاو شرۆڤەکردنیدا کردووە.

و-داڕشتنی ئەو ئەنجام و راسپاردەو پێشنیارانەی کە ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بەدەستی هێناون.

## 3ڕێبازی توێژینەوەکەو ڕێکارییەکانی:

### 3-1ڕێبازی توێژینەوەکە:

هەردوو توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسف شیکارییان بەکارهێناوە، ئەم ڕێبازەش لە دیاردەیەک یان ڕووداوێک یاخود پرسێک دەکۆڵێتەوە کە هەنووکە بوونی هەبێت و دەکرێ لە ڕێگەیەوە زانیاریی ئەوتۆ دەست بکەوێت، وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بداتەوە بە بێ دەستێوەردانی توێژەر تیای (الاغا والاستاذ، 2003، 16).

**3-2کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە سەرجەم مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر لە هەردوو ڕەگەز پێکدێت بۆ ساڵی خوێندنی (2023- 2024) کە ژمارەیان ( 444 ) مامۆستا بوو. ، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێگەی ئەنقەست هەڵبژێردرا، بۆ ئەم مەبەستەش (444) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز لە ناوەندی پارێزگای هەولێر هەڵبژێردران.

**_ئەم ڕاپرسییەش لە میانی چەندین قۆناغ ئامادەکرا:**

١-پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشووتری پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لێیان بە تایبەتی لە دەستنیشان کردنی بوارەکانی ڕاپرسییەکەو داڕشتنی بڕگەکانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

٢-پێداچوونەوەی ئەدەبی پەروەردەیی گشتی.

٣-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسان دەربارەی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە کاتی خزمەتکردن بە شێوەیەکی گشتی.

٤-چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی ئەوانەی پێشتر بە شێوەیەکی تایبەت بۆ کۆنترۆلکردنی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە لە کاتی پرۆسەی ڕاهێنانیان.

**لە میانی ئەوەی پێشکەش کرا بوارو برگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە دەستنیشان کراو ڕاپرسییەکە پێنج بواری لەخۆگرت بەم جۆرەی خوارەوە:**

١-بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ئامانجی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە.

٢-بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ژینگەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە.

٣-بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە بە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی پرۆسەی ڕاهێنانەوە.

٤-بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ڕاهێنەرانەوە.

٥-بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە شێوازو چالاکییەکانی پرۆسەی ڕاهێنانەوە.

بڕگەکانی دەستەواژەکانیش کە هەر بوارێک لەو بوارانە لە خۆی گرتبوون داڕێژران کە لە (40) بڕگە بە شێوە بەراییەکەی پێکدەهات، بە تێکڕایی هەشت بڕگە بۆ هەر بوارێک.

ڕاپرسییەکە خرایە بەر دەستی کۆمەڵە دادوەرێکی شارەزاو پسپۆرو تایبەتمەند لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو دەروونزانیی پەروەردەیی و پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن، لەبەر ڕۆشنایی ڕاوبۆچوونەکانیان توێژەران پابەندی سەرجەم هەموارکردنەوە پێویستەکان بوون.

وەڵامدانەوەی بڕگەکانی هەر بوارێکیش لە میانی هەڵبژاردنی یەکێک لە سێ جێگرەوە بوو لە بەردەم هەر بڕگەیەک (بە زۆری، هەندێک جار، بە دەگمەن)، سەرجەم دەستەواژەکانی ڕاپرسییەکەی بە ئاراستەی ئەرێنی بوون، بە جۆرێک نمرەی بەرز بەڵگەی بوونی نمرەی باڵای خەسڵەتی پێوانەکراو بوو، نمرەی نزمیش بەڵگەی بوونی نمرەی نزم بوو، ئەوەش بەپێی پلەبەندیی سێینەی لیکەرت (- Likert) بوو، بۆ مەزەندەکردنی نمرەی گرنگترینی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

**3-5تاقیکردنەوەی ڕاپرسییەکە:**

توێژەران دەستیان دایە تاقیکردنەوەی ڕاپرسییەکە لەسەر نموونەیەک لە توێژینەوە کە لە (30) مامۆستای هەردوو ڕەگەز پێکهاتبوون، لە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

**3-6ڕاستگۆیی ڕاپرسییەکە:**

بە مەبەستی ناسینی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانیان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر، بە چەندین ڕێگە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکە دڵنیابوونەوە:

### هەژماری راستگۆیی راپرسییەکە:

١-راستگۆیی دادوەران: هەژماری راستگۆیی پێوەرەکە بە هۆی راستگۆیی دادوەرانەوە ئەنجامدرا، ئەوەش بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاستی گونجانی یەکەکانی پێوەرەکە بۆ ئەو مەبەستەی لە پێناویدا دانراوە، کە ئەوەش ناسینی ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانیان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر. ئەوەش بە خستنەڕووی پێوەرەکە بۆ بەردەستی هەندێک مامۆستاو دادوەر بە مەبەستی وەرگرتنی راوبۆچوونیان دەربارەی ئاستی گونجانی یەکەکانی راپرسییەکە.

٢-راستگۆیی ڕێکخستن و گونجانی ناوخۆیی راپرسییەکە: راستگۆیی ڕێکخستنی ناوخۆیی راپرسییەکە بە دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی نێوان هەر یەکە لە بوارەکانی راپرسییەکە بوو بە نمرەی گشتیی راپرسییەکە، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (1)دا روون دەبێتەوە.

خشتەی (1)

هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی نێوان هەر یەکە لە بوارەکانی راپرسییەکەو نمرەی گشتیی راپرسییەکەو ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خوڵەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

| بوار | ژمارەی بڕگەگان | هاوکۆلکەی پەیوەستگیری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ئامانجەکانی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە | 8 | 0.419 | 0.01 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ژینگەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە | 8 | 0.589 | 0.01 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ناوەڕۆکی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە | 8 | 0.633 | 0.01 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ڕاهێنەرانەوە | 8 | 0.711 | 0.01 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە شێوازەکان و چالاکیی پرۆسەی ڕاهێنانەوە | 8 | 0.654 | 0.01 |

لە خشتەی ژمارە (1) ئەوە روون دەبێتەوە کە هەموو بوارەکانی راپرسییەکە پەیوەستگیرییان لەگەڵ نمرەی گشتیی راپرسی ئەو بەربەستانە هەیە کە رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

### 7-3جێگیریی راپرسییەکە:

بە ڕێگەی ئەلفا کرونباخ جێگیریی راپرسییەکە هەژمار کراوە، بە جۆرێک جەخت لەسەر جێگیریی راپرسییەکە بەم ڕێگەیە کرایەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی بەرزی ئاستەگانی هاوکۆلکەی جێگیریی راپرسییەکە بە جۆرێک بە دەستەوە دەدا، کە پێویستیی بە دووبارە پراکتیزەکردنەوەی نەبێت، هەروەها هەموو دەستەواژەکانی راپرسییەکە بەکاردەهێنێت. خشتەی ژمارە (2) هەموو زانیارییەکانی ئەلفا کرونباخی دەرخست.

خشتەی (2)

هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بۆ بوارەکانی راپرسیی ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

| بوار | ژمارەی بڕگەکان | هاوکۆڵکەی ئەلفا کرونباخ |
|---|---|---|
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ئامانجەکانی بەرنامەی پڕۆسەی ڕاهێنانەوە. | 8 | 0.623 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ژینگەی پڕۆسەی ڕاهێنانەوە. | 8 | 0.698 |
| واری بەربەستە پەیوەستەکان بە ناوەڕۆکی بەرنامەی پڕۆسەی ڕاهێنانەوە | 8 | 0.722 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە ڕاهێنەرانەوە. | 8 | 0.847 |
| بواری بەربەستە پەیوەستەکان بە بە شێوازەکان و چالاکییەکانی پرۆسەی ڕاهێنانەوە. | 8 | 0.768 |

لە خشتەی ژمارە (2) ئەوە روون دەبێتەوە کە هەموو بەهاکانی هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ بەرزن، ئەمەش بەڵگەی جێگیریی بەرزی راپرسیی ئەو بەربەستانەیە کە رووبەڕووی مامۆستایانی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر، واتە هاوکۆلکەی جێگیری بەهێزەو دەکرێ راپرسییەکەی بۆ ناسینی ئەو بەربەستانە بەکاربهێنرێت کە رووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە کاتی پرۆسەی ڕاهێنانیان.

**پراکتیزەو جێبەجێ کردنی راپرسییەکە:**

راپرسییەکە لەسەر مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی 2023- 2024 پراکتیزەو جێبەجێ کرا.

**شێوازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان لە شیکردنەوەی داتاکان:**

داتاکان هێماکارییان بۆ کرا بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماریی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) دەرچووی (16) خرانە ناو کۆمپیوتەرەوە، لە هەموو دەستەواژەکانی راپرسییەکە پێوەری سێینەیی لیکرت (Likert) بەم جۆرەی خوارەوە بەکارهێنرا: بە زۆری (3)، هەندێک جار (2)، بە دەگمەن (1).

توێژینەوەکە شێوازە ئامارییە گونجاوەکانی بەم جۆرەی خوارەوە بەکارهێنا:

١-دووبارەکردنەوەکان و رێژەی سەدی، ئەوەش بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.

٢-دووبارەکردنەوەکان و رێژەی سەدی و ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری، ئەوەش بە دەستنیشان کردنی وەڵامەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو بڕگانەی تەوەرەکانی توێژینەوەکە لەخۆی گرتبوون.

٣-هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن بۆ پێوانەکردنی راستگۆیی.

٤-هاوکۆلکەی ئەلفا کرونباخ، بۆ هەژمارکردنی جێگیریی راپرسیی ئامرازی توێژینەوەکە.

٥-تاقیکردنەوەی (Test-T Sample Independent) بۆ زانینی بەڵگەی جیاوازییەکان لە وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو گۆڕاوی رەگەز و پسپۆڕیی خوێندن.

## 4 ئەنجامەکانی توێژینەوکەو گفتوگۆکردنی:

ئەم بەشەیان خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت، کە ئامانجی دەستنیشانکردنی ئەو بەربەستانە بوو کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر. ئەنجامەکانیش بەپێی ئەم ڕیزبەندکردنەی خوارەوە خرانەڕوو:

### 1-4 ئەنجامە پەیوەستەکان بە پرسیاری یەکەم و گفتوگۆکردنی:

دەقی پرسیاری یەکەم بەم جۆرە بوو: ئەو بەربەستانە کامانەن کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر؟

ئەم پرسیارە بە شێوەی ئاماری و ڕێکخستنی چارەسەر کراو، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش توێژەران دەستیان دایە توێژینەوەی هەر بوارێک کە "پەیوەندیی زیاتری بەو بەربەستانەوە هەبوو کە مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر ڕووبەڕووی دەبنەوە"، بەهای ناوەندە هەژماری و لادانی پێوەری بۆ دۆزرایەوە، ، بۆ ئەمەش درێژیی شانەکانی ریزبەندی ڕەهەندی سێینەیی بەکارهێنراو بۆ تەوەرەکانی ئامرازی توێژینەوەکەو ئاستی (3-1=2) هەژمارکراو بەسەر ژمارەی شانەکانی پێوەرەکە بۆ بەدەستهێنانی درێژیی شانەی ڕاست دابەشکرا، واتە (2÷3= 0.66)، دوای ئەوە ئەم بەهایە خرایە سەر کەمترین بەهای پێوەرەکە (یان سەرەتای پێوەرەکە کە ئەویش یەک ژمارەی تەواو بوو): ئەوەش بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوپەڕی بەرزیی ئەم شانەیە. بەم جۆرە درێژیی شانەکەو شرۆڤەکردنی ناوەندەی هەژماریی هاوسەنگ کراوی (شیاو- المرجح) بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١-(لە 2.34 هەتا 3) بەڵگەی مەزەندەکردنی وەڵامی (بە زۆری) بوو، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە نمرەی وەڵامی مامۆستایان بۆ بڕگەو تەوەرەکانی ڕاپرسیەکە (بەرزە).

٢-(لە 1.67 هەتا 2.33) بەڵگەی مەزەندەکردنی وەڵامی (هەندێک جار)ە، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە نمرەی وەڵامی مامۆستایان بۆ بڕگەو تەوەرەکانی ڕاپرسیەکە (مامناوەندە).

٣-لە (1 هەتا 1.66) بەڵگەی مەزەندەکردنی وەڵامی (بە دەگمەنە)و ئەمەش بە واتای ئەوەی کە نمرەی وەڵامی مامۆستایان بۆ بڕگەو تەوەرەکانی ڕاپرسیەکە (لاوازە). هەروە خشتەی ژمارە (3) وەڵامی پرسیاری یەکەمی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە..

خشتەی (3)

بەهای ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری و ڕیزبەندکردنی بوارەکان بەگشتی بۆ ڕاپرسیی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر.

| ز | دەستەواژە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەڵگەداری | ڕیزبەنکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەو بەربەستانەی پەیوەستن بە ئامانجەکانی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە. | 2.45 | 0,63 | بەرزە | ٢ |
| ٢ | ئەو بەربەستانەی پەیوەستن بە ژینگەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە. | 1,99 | 0,71 | مام ناوەندە | ٥ |
| ٣ | ئەو بەربەستانەی پەیوەستن بە ناوەڕۆکی بەرنامەی پرۆسەی | 2,10 | 0,62 | مام ناوەندە | ٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕاهێنانەوە. | | | | |
| ٤ | ئەو بەربەستانەی پەیوەستن بە ڕاهێنەرانەوە. | 2,63 | 0,5 8 | بەرزە | ١ |
| ٥ | ئەو بەربەستانەی پەیوەستن بە شێوازەکان و چالاکیی پڕۆسەی ڕاهێنانەوە. | 2,43 | 0,6 2 | بەرزە | ٣ |
| | کۆی گشتی | 2,34 | 0,6 1 | مام ناوەندە | |

لە خشتەی ژمارە (3) ئەوە روون دەبێتەوە کە مامناوەندیی نمرەی وەڵامدانەوە لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ گشت بوارەکانی ڕاپرسی تویژینەوەکە گەیشتە ( 2،34)، وە بەلادانی پێوەری (0،61) ئەمەش دەربڕی نمرەی مامناوەندیی باری سەرنجی مامۆستایانە، کە لەوانەیە هۆی ئەو بەربەستانەی رووبەڕووی بەرنامەی ڕاهێنان و زانینی هۆیەکانی ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی پڕۆسەی ڕاهێنان دەبنەوە بەپێی بەرنامەی پڕۆسەی ڕاهێنان جیاواز بن.

**بەربەستە پەیوەستەکان بە ئامانجی بەرنامەی پڕۆسەی ڕاهێنانەوە:**

ئەنجامەکان بەو شێوەیە بوون، کە خشتەی ژمارە (4) ڕوونی دەکاتەوە:

خشتەی (4)

بەهای ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری ریزبەندکردنی بواری (بەربەستە پەیوەستەکان بە ئامانجەکانی بەرنامەی پڕۆسەی ڕاهێنانەوە).

| ژ | دەستەواژەکان | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەڵگەداری | ریزبەندکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مامۆستایان لە سەرەتای پرۆگرامی ڕاهێنانەوە ئاشنا بە ئامانجەکانی ڕاهێنان کراون. | 2.63 | 0,56 | بەرزە | 2 |
| 2 | ئامانجەکانی ڕاهێنان ڕوون وديارن و کاریان لەسەردەکرێت. | 2.49 | 0,58 | بەرزە | 4 |
| 3 | ئەم ڕاهێنانە بە پێداویستییەکی ڕاستەقینەی مامۆستایان هەژمار دەکرێت . | 2.42 | 0,67 | بەرزە | 6 |
| 4 | ئەم ڕاهێنانە گشتگیرەوهەموو لایەنە کانی کارامەیی مەعریفی و ویژدانی و جوڵەیی دەگرێتەوە. | 2.43 | 0.65 | بەرزە | 5 |
| | ئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە لەگەڵ | 2.38 | 0.65 | بەرزە | 7 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ئاستی مامۆستایان دەگونجێت. | | | | |
| 6 | ئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە یارمەتیدەرە لە فێربوونی شتی نوێ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا. | 2,64 | 0.53 | بەرزە | 1 |
| 7 | چەمکی داهێنان لە و پرۆگرامی ڕاهێنانەدا بەدی دەکرێت. | 2.36 | 0,64 | بەرزە | 8 |
| 88 | ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان پەیوەستە بە فێربوونی قوتابی و کێشە ڕەفتاریەکانی. | 2.57 | 0,59 | بەرزە | 3 |
| کۆی گشتی | | 2.45 | 0,63 | بەرزە | |

لە خشتەی ژمارە (4) ئەوە روون دەبێتەوە کە تێکڕای ناوەندەهەژماری بواری یەکەم بریتییە لە(2.45) کە بەرزەو دەکەوێتە نێوان (2.34 بۆ 3) وەبەلادانی پێوەری (0.63)، وە بەپلەی (تارادەیەکی زۆر) ئەمەش بەو واتایە دێت مامۆستایان پێیان وایە بەشێوەیەکی گشتی لەم بوارەدا هیچ بەربەستێک نابینن لەبەردەم پرۆگرامی پرۆسەی ڕاهینانەکە وبەلادانی پێوەری برگەکانی ئەم بوارە لەنیوان (2.36 بۆ 2.64)، هەروەها ئەوە ڕوون بۆتەوە کە برگەی ژمارە (6) لەوبوارە پلەی یەکەمی وەرگرتووە( ئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە یارمەتیدەرە لە فێربوونی شتی نوێ لە بواری پەروەردەو فێرکردندا). وەبرگەی ژمارە (1)پلەی دوومی وەرگرتووە کەپلەکەی بەرزە (مامۆستایان لە سەرەتای پرۆگرامی ڕاهێنانەوە ئاشنا بە ئامانجەکانی ڕاهێنان کراون)، برگەی ژمارە (7)نزمترین پلەی وەرگرتووە کەپلەکەی بەرزە (چەمکی داهێنان لە و پرۆگرامی ڕاهێنانەدا بەدی دەکرێت).

**بەربەستە پەیوەستەکان بە ژینگەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە:**

ئەنجامەکان بەو جۆرە بوون کە خشتەی ژمارە (5) روونی دەکاتەوە.

خشتەی (5)

بەهای ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری و ڕیزبەندکردنی بواری (بەربەستە پەیوەستەکان بە ژینگەی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە)یە روون دەکاتەوە.

| ز ژ | دەستەواژەکان | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەڵگەداری | ڕیزبەندکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| 11 | هەواگۆڕکێی باش و تەندروست و ڕووناکی گونجاو لە هۆڵەکانی ڕاهێنانەکاندا بەردەستن. | 1,96 | 0,75 | مام ناوەندە | 5 |
| 22 | ئامێر و کەلوپەلی پێویست لە هۆڵەکانی مەشق و ڕاهێنان بەردەستن. | 1,84 | 0,76 | مام ناوەندە | 6 |
| 33 | شوێنی مەشق و ڕاهێنانانەکان فراوان و گونجاوە. | 2,00 | 0,73 | مام ناوەندە | 3 |
| 44 | بەشێوەیەکی تەندروست کات بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکان دابەش دەکرێت. | 2,16 | 0,67 | مام ناوەندە | 1 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | مام ناوەندە | 0,80 | 2,03 | کاتەکانی ڕاهێنان گونجاون بۆ مامۆستایان. | 55 |
| 8 | لاوازە | 0,69 | 1,54 | لە ئەگەری پچڕانی کارەبادا جێگرەوەی بەردەست هەیە. | 66 |
| 7 | مام ناوەندە | 0,77 | 1,81 | تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە هۆڵەکانی ڕاهێناندا بەردەستن. | 77 |
| 4 | مام ناوەندە | 0,71 | 1,99 | ڕاهێنان کاریگەری نیە لە سەر خشتەی بەشەوانەکانی قوتابخانە. | 88 |
| مام ناوەندە | | 0,74 | 1,91 | کۆی گشتی | |

لە خشتەی ژمارە (5) ئەوە روون دەبێتەوە کە تێکڕای ناوەندەژمێری بواری دووەم بریتییە لە(1،91) کە مام ناوەندەو دەکەوێتە نێوان (1.67 بۆ 2.33) وەبەلادانی پێوەری (0،74)، وە بەپلەی (مامناوەند) ئەمەش بەو واتایە دێت مامۆستایان پییان وایە بەشێوەیەکی گشتی هەندێک بەربەست بەدی دەکەن لەبەردەم پرۆگرامی پرۆسەی ڕاهینانەکە، وەلادانی پێوەری برگەکانی ئەم بوارە لەنیوان (1،54 بۆ 2،16)، هەروەها ئەوە ڕوون بۆتەوە کە برگەی ژمارە (4) لەوبوارە پلەی یەکەمی وەرگرتووە( بەشێوەیەکی تەندروست کات بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکان دابەش دەکرێت)کەپلەکەی مام ناوەندە . وەبرگەی ژمارە (5)پلەی دووەمی وەرگرتووە کەپلەکەی مام ناوەندە(کاتەکانی ڕاهێنان گونجاون بۆ مامۆستایان)، برگەی ژمارە (6)نزمترین پلەی وەرگرتووە کەپلەکەی لاوازە (لە ئەگەری پچڕانی کارەبادا جێگرەوەی بەردەست هەیە).

**بەربەستە پەیوەستەکان بە ناوەڕۆکی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە:**

ئەنجامەکان وەک ئەوەبوون کە خشتەی ژمارە (6) ڕوونی کردۆتەوە:

خشتەی (6)

بەهای ناوەندە هەژمارو لادانی پێوەری و ڕیزبەندکردنی بواری (بەربەستە پەیوەستەکان بە بە ناوەڕۆکی بەرنامەی پرۆسەی ڕاهێنانەوە)یە ڕوون دەکاتەوە

| ڕیزبەندکردن | بەڵگەداری | لادانی پێوەری | ناوەندە هەژمار | دەستەواژەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 3 | مام ناوەندە | 0,61 | 2,4 | چالاکییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان بابەتی نوێن و هاندەری داهێنانن. | 11 |
| 4 | بەرزە | 0,61 | 2,36 | ناوەڕۆکی بەرنامەی ڕاهێنان لەگەڵ واقیعی فێرکردن دەگونجێت | 22 |
| 5 | مام ناوەندە | 0,66 | 2,30 | ناوەڕۆکی ڕاهێنان لەگەڵ گۆڕانکارییە پەروەردەیی و تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکاندا هاوسەنگە. | 33 |
| 8 | مام ناوەندە | 0,69 | 2,18 | ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکە لەگەڵ توانا و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی مامۆستایان دەگونجێت. | 44 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 55 | ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکان لایەنی تیۆری و پراکتیکی تێکەڵ بەیەکتری دەکات. | 2,17 | 0,68 | مام ناوەندە | 7 |
| 66 | بابەتەکانی ڕاهێنان یارمەتیدەرن لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمی و زانستی مامۆستایان. | 2,24 | 0,64 | مام ناوەندە | 6 |
| 77 | بابەتەکانی ڕاهێنان ئاستی پیشەیی مامۆستایان بەرز دەکەنەوە. | 2,49 | 0,69 | بەرزە | 1 |
| 88 | بابەتەکانی ڕاهێنان لەگەڵ توانا مرۆیی و ماددییە بەردەستەکاندا دەگونجێن. | 2,47 | 0,72 | بەرزە | 2 |
| | کۆی گشتی | 2,32 | 0,65 | مام ناوەندە | |

لە خشتەی ژمارە (6) ئەوە روون دەبێتەوە کە تێکڕای ناوەندەژمێری بواری سێیەم بریتییە لە(2.32) کە مام ناوەندە و دەکەوێتە نێوان( 1.67 بۆ 2.33) وەبەلادانی پێوەری (0،65)، وە بەپلەی (مامناوەند) ئەمەش بەو واتایە دێت مامۆستایان پییان وایە بەشێوەیەکی گشتی هەندێک بەربەست بەدی دەکەن لەبەردەم پرۆگرامی پرۆسەی ڕاهینانەکە ، وەلادانی پێوەری برگەکانی ئەم بوارە لەنیوان (2،18 بۆ 2،49)، هەروەها ئەوە ڕوون بۆتەوە کە برگەی ژمارە (7) لەوبوارە پلەی یەکەمی وەرگرتووە( بابەتەکانی ڕاهێنان ئاستی پیشەیی مامۆستایان بەرز دەکەنەوە). وەبرگەی ژمارە (8) پلەی دوومی وەرگرتووە کەپلەکەی مام ناوەندە (بابەتەکانی ڕاهێنان لەگەڵ توانا مرۆیی و ماددییە بەردەستەکاندا دەگونجێن)، برگەی ژمارە (4)نزمترین پلەی وەرگرتووە کەپلەکەی مام ناوەندە (ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکە لەگەڵ توانا و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی مامۆستایان دەگونجێت).

**بەربەستە پەیوەستەکان بە ڕاهێنەرانەوە:**

ئەنجامەکان وەک ئەوە بوو کە خشتەی ژمارە (7) روونی دەکاتەوە

خشتەی (7)

بەهای ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری و ریزبەندکردنی بواری (بەربەستەکانی پەیوەست بە ڕاهێنەران) روون دەکاتەوە

| ژ | دەستەواژەکان | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەڵگەداری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕاهێنەر بەسنگێکیی فراوانەوە ڕاو بۆچوونی مامۆستایان وەردەگرێت. | 1,98 | 0,65 | مام ناوەندە | 7 |
| 2 | ڕاهێنەر بەباشی کاتی تەرخانکراوی ڕاهینان بەڕیوە دەبات | 2,76 | 0,51 | بەرزە | 1 |
| 3 | ڕاهێنەر فیدباکی ئاست و ڕادەی فێربوونی مامۆستایان وەردەگرێت. | 2,73 | 0,54 | بەرزە | 2 |
| 4 | ڕاهێنەر توانای گفتوگۆکردن و پرسیارو وەڵامدانەوەی مامۆستایانی هەیە. | 2,67 | 0,58 | بەرزە | 5 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ڕاهێنەر لێهاتوویی و شێوازی فێربوونی گەورەساڵانی هەیە. | 2,73 | 0,49 | بەرزە | 2 |
| 6 | ڕاهێنەر توانای بەرزە لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە فێرکردندا. | 2,60 | 0,60 | بەرزە | 6 |
| 7 | ڕاهێنەرهەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان دەدات. | 2,71 | 0,54 | بەرزە | 3 |
| 8 | ڕاهێنەر هەمەچەشنی دەکات لە پێدانی دەرفەتی بەشداریکردنی مامۆستایان. | 2,63 | 0,58 | بەرزە | 4 |
| | کۆی گشتی | 2,60 | 0,59 | بەرزە | |

لە خشتەی ژمارە (7) ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە تێکڕای ناوەندەژمێری بواری چوارەم بریتییە لە(2.60) کە بەرزەو دەکەوێتە نێوان (2.34 بۆ 3) وەبەلادانی پێوەری (0،59)، وە بەپلەی (تارادەیەکی زۆر) ئەمەش بەو واتایە دێت مامۆستایان پییان وایە لەم بوارەدا بەشێوەیەکی گشتی هیچ بەربەستێک نابینن لەبەردەم پرۆگرامی پرۆسەی ڕاهینانەکە، وەلادانی پێوەری برگەکانی ئەم بوارە لەنیوان (1،98 بۆ 2،76)، هەروەها ئەوە ڕوون بۆتەوە کە برگەی ژمارە (2) لەوبوارە پلەی یەکەمی وەرگرتووە( ڕاهێنەر بەباشی کاتی تەرخانکراوی ڕاهینان بەڕیوە دەبات). وەبرگەی ژمارە (3)پلەی دوومی وەرگرتووە کەپلەکەی بەرزە (ڕاهێنەر فـیدباکی ئاست و ڕادەی فێربوونی مامۆستایان وەردەگرێت)، برگەی ژمارە (1)نزمترین پلەی وەرگرتووە کەپلەکەی مام ناوەندە (ڕاهێنەر بەسنگێکیی فراوانەوە ڕاو بۆچوونی مامۆستایان وەردەگرێت).

**بەربەستە پەیوەستەکان بە شێوازو چالاکییەکانی پرۆسەی ڕاهێنانەوە:**

ئەنجامەکان وەک ئەوەبوو کە خشتەی ژمارە (8) ڕوونی کردۆتەوە.

خشتەی (8)

بەهای ناوەندە هەژمارو لادانی پێوەری و ڕیزبەندکردنی بواری (بەربەستە پەیوەستەکان بە شێوازو چالاکییەکانی پرۆسەی ڕاهێنانەوە) ڕوون دەکاتەوە

| ژ | دەستەواژەکان | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەڵگەداری | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 11 | شێوازی پراکتیکی لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانەکەدا بەکاردەهێنرێت. | 1,79 | 0,55 | مام مناوەندە | 7 |
| 22 | ڕاهێنانەکان بیرکردنەوە و گرنگی پێدانی مامۆستایان بە وانەوتنەوە دەوروژێنێت. | 2,49 | 0,67 | بەرزە | 2 |
| 33 | چالاکیی گونجاو لەگەڵ بابەتەکانی ڕاهێنانەکاندا بەکاردەهێنرێن. | 2,38 | 0,67 | بەرزە | 4 |
| 44 | ڕاهێنانەکان یارمەتی مامۆستا دەدەن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پۆل. | 2,49 | 0,65 | بەرزە | 2 |
| 55 | ڕاهێنان بە مامۆستایان ئەنجام دەدرێت لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێگاو ستراتیژیە | 2,63 | 0,58 | بەرزە | 1 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | نوێیەکانی وانەوتنەوە. | | | | |
| 66 | ڕاهێنانەکان یارمەتی مامۆستا دەدەن لەسەرچۆنیەتی دانانی پلانی ڕۆژانە و ئامادەکردنی وانەکان. | 2,44 | 0,71 | بەرزە | 3 |
| 77 | ئەوەی لەڕاهێنەر فێری دەبین بەئاسانی لە واقعی پۆلدا جێبەجێ دەکرێن. | 1,96 | 0,72 | مام ناوەندە | 6 |
| 88 | ڕاهێنانەکان یارمەتی مامۆستایان دەدەن لەسەرچۆنیەتی شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی قوتابیان. | 2,37 | 0,68 | بەرزە | 5 |
| کۆی گشتی | | 2,31 | 0,64 | مام ناوەندە | |

له خشتەی ژمارە (8) ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە تێکڕای ناوەندەژمێری بواری پێنجەم بریتییە لە(2.31) کە مام ناوەندە و دەکەوێتە نێوان( 1.67 بۆ 2.33) وەبەلادانی پێوەری (0،64)، وە بەپلەی (هەندێک جار) ئەمەش بەو واتایە دێت مامۆستایان پێیان وایە بەشێوەیەکی مام ناوەند هەندێک بەربەست بەدی دەکەن لەبەردەم پرۆگرامی پرۆسەی ڕاهینانەکە ، وەلادانی پێوەری بڕگەکانی ئەم بوارە لەنێوان (1،79 بۆ 2،63)، هەروەها ئەوە ڕوون بۆتەوە کە بڕگەی ژمارە (5) لەوبوارە پلەی یەکەمی وەرگرتووە( ڕاهێنان بە مامۆستایان ئەنجام دەدرێت لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕێگاو ستراتیژیە نوێیەکانی وانەوتنەوە). وەبڕگەی ژمارە (2) پلەی دوومی وەرگرتووە کەپلەکەی مام ناوەندە (ڕاهێنانەکان یارمەتی مامۆستا دەدەن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پۆل)، بڕگەی ژمارە (1)نزمترین پلەی وەرگرتووە کەپلەکەی مام ناوەندە (شێوازی پڕاکتیکی لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانەکەدا بەکاردەهێندرێت).

## 2-4 ئەنجامە پەیوەستەکان بە پرسیاری دووەم و گفتوگۆکردنی:

دەقی پرسیاری دووەم بەم شێوەیەیە (ئایا جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر لە ئاستی بەڵگەداریی ($0.05 \geq \alpha$) هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەز (نێر، مێ)؟

ئەو گریمانەیەی پەیوەستە بە پرسیارەکەوە ئەم دەقە لەخۆدەگریت: " گریمانە پەیوەستەکەش بە پرسیارەکە ئەمە لەخۆدەگرێت: " نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی ( $0.05 \geq \alpha$) لە ناوەندە ژمێری وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر، کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ڕەگەز؟

بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ڕاستی و دروستی گریمانەکە، تاقیکردنەوەی "ت" بەکارهێنرا بۆ زانینی جیاوازی لەوەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز ، وە ئەنجامەکە بەپێی خشتەیەی ژمارە(9) بوو.

خشتەی (9)

تاقیکردنەوەی (T.test) بۆ زانینی جیاوازی وەڵامی تاکەکانی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| تێکڕای ڕاپرسیەکە | جۆری ڕەگەز | دووبارە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەهای "ت" | بەهای"ف" | ئاستی بەڵگەداری | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | 176 | 2,49 | 0,503 | 4,504 | 411,45 | 0,00 | بەڵگەدار |
| | مێ | 268 | 2,25 | 0,584 | | | | |

له خشتەی ژمارە (9) ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئاستی بەڵگەداری تێکڕای ڕاپرسیەکە کەمترە لە (0.05) کەئەمەش ئاماژەیە بۆ هەبوونی جیاوازی لەوەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی لەبەرژەوەندی ڕەگەزی مێیە بە ناوەندە ژمێرەیی(2,49) , لادانی پێوەری (0,503) ئەمە لەکاتێکدا ناوەندە ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر بریتیە لە (2,25) بە لادانی پێوەری (0,584) وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەدا گریمانەی سفری ڕەتدەکەینەوە و جێگرەوەی ئەم گریمانەیە قبوڵ دەکەین کەبەڵێ جیاوازی لەوەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە(بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز)هەیە .

## 3-4 ئەنجامە پەیوەستەکان بە پرسیاری سێیەم و گفتوگۆکردنی:

پرسیاری سێیەم ئەم دەقە لەخۆدەگرێت: (ئایا جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لەو بەربەستانە هەیە کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی دەبنەوە لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانیان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر لە ئاستی بەڵگەداریی ($\alpha \leq 0.05$) کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ئەزموون گریمانە پەیوەستەکەش بە پرسیارەکە ئەمە لەخۆدەگرێت: نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی ( $\alpha \leq 0.05$) لە ناوەندە ژمێری وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی پارێزگای هەولێر، کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ساڵانی خزمەت(ئەزموون)؟

جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی ($\alpha \leq 0.05$) هەیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە خولەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانیان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر کە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی ساڵانی ئەزموون؟".

بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستی و دروستی گریمانەکە توێژەران شیکردنەوەی جیاکاریی یەک لایەنەیان بەکارهێنا، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (10)دا ڕوون دەبێتەوە.

خشتەی ژمارە(10)

دووبارەبووەکان وناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێنج تەوەرەکە ڕوون دەکاتەوە:

| ڕەهەندەکان | ئاستی شارەزایی ساڵانی خزمەت | دووبارە بووەکان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| تێکڕای ڕاپرسیەکە | ١-5 ساڵ | 24 | 2.61 | 0.58 |
| | 5-10ساڵ | 16 | 2.64 | 0.51 |
| | ١0ساڵ زیاتر | 304 | 2.81 | 0.435 |

ناوەندە ژمێری تێکڕای تەوەرەکانی توێژینەوەکە کەئەومامۆستایانەی خاوەن خزمەتی (10)ساڵ بەسەرەوەن لەوانی تر بەرزترە لە چاو ئەوانەی کە خزمەتیان کەمترە، شیکاری تاقیکردنەوەی جیاوازی نێوانیان ئەنجامدرائەنجامەکان بەم شێوەیەن:

خشتەی (11)

ئەنجامی شیکاری یەکلایەنەی جیاوازی ( One Way Anova) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

| ڕەهەندەکان | سەرچاوەی جیاکاری | کۆی چوار گۆشەکان | نمرەکانی ئازادی | ناوەندە چوار گۆشەکان | بەهای F | ئاماژەی ئاماری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاپرسییەکە وەکو گشت | لە نێوان کۆمەڵەکان | 2,74 | 2 | 1.402 | 4.68 | 0,018 | ئاماژەیە |
| | لە ناو کۆمەڵەکان | 132,44 | 442 | 0.331 | | | |
| | کۆی گشتی | 135.18 | 444 | | | | |

لە خشتەی ژمارە (10) ئەوە ڕوونبۆتەوە کە ئاستی ئاماژەیی تێکڕای تەوەرەکانی توێژینەوەکە کەمترە لە ($\alpha \leq 0.05$) وە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامەدا گریمانەی سفری ڕەتدەکەینەوە و جێگرەوەی ئەم گریمانەیە قبوڵ دەکەین کەبەڵێ جیاوازی لەوەڵامدانەوەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە(بەپێی ساڵانی خزمەت)هەیە.

**5-1دەرئەنجامەکان:**

١-پلەی گشتی بەربەستەکان لەبەردەم ڕاهێنانی مامۆستایان "مامناوەند" بووە، بەرزترینیان "بەربەستەکانی پەیوەست بە ڕاهێنەران" و نزمترینیان "بەربەستەکانی پەیوەست بە ژینگەی ڕاهێنان" بووە .

٢-ئەنجامەکان ئاماژە بە بوونی جیاوازی ئاماری دەکەن لەنێو تێکڕای وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر گۆڕاوی ( ڕەگەز) کەلەبەرژوەندی ڕەگەزی مێ بوو.

٣-هەروەها ئەنجامەکان ئاماژە بە بوونی جیاوازی ئاماری دەکەن لەنێو تێکڕای وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر گۆڕاوی(ساڵانی خزمەت)کەلەبەرژوەندی ئەو مامۆستایانە بووە کەخزمەتیان لە(10) ساڵ بەرەوسەرەوەیە.

**5-2ڕاسپاردەکان:**

1-لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا یەک کاتژمێر (یاخود بەشەوانەیەک) لەهەفتەیەکی خوێندندا تەرخانبکرێت بۆهەر مامۆستایەک بۆئەوەی وانەیەکی نموونەیی بەپێی ستراتیژە هاوچەرخەکانی وانەوتنەوە لەسەر شیوەی وانەی بچووککراوە (micro teaching)پێشکەش بە مامۆستا هاوکارەکانی قوتابخانەکەی بکات ولەلایەن ڕاهینەرو مامۆستایانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

2- ئامادەکردنی ڕاهێنەرانی پسپۆڕ لە بواری تەکنەلۆژیای فێرکردن.

٣- دابینکردنی کەرەستەی تەکنەلۆژیای فێرکردن،لە کۆمپیوتەرو ئامێرو هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە، تەکنیکەکانی هاوچەرخ و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی ڕوونکردنەوەی فێرکاری لەسەرجەم ئەو قوتابخانانەی کە ڕاهینانیان تێدا ئەنجام دەدرێت.

٤-پێویستی کارکردن لەسەر گونجانی نێوان ناوەڕۆکی بەرنامەی ڕاهێنان و واقیعی ناو پۆل.

٥-پێویستە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە دابینکردن و هاندانی ماددی بدات بۆ مامۆستایانی ڕاهێنراو، هەروەها گرنگی بە کات و شوێنی ئەو خولانە بدات بەجۆرێک کە لەگەڵیاندا بگونجێت.

**5-3پێشنیارەکان:**

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم شێوە دەربارەی بەربەستەکانی پرۆسەی ڕاهێنان لەلایەن ڕاهێنەرانی وەزارەتی پەروەردە

لە دیدی خودی ڕاهینەرانەوە.

٢-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی گشتگیر بۆ بەراوردکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی ئێستای مامۆستایان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو لەبواری راهینانی مامۆستایاندا.

## سەرچاوەکان:

### بەزمانی عەرەبی:


- أبو عطوان، مصطفى عبدالجليل(2008). معوقات تدريب المعلمين أثناء الخدمة وسبل التغلب عليها بمحافظات غزة(رسالة ماجستير غير منشورة)، الجامعة الاسلامية، غزة.
- الاشقر، ياسر والعاجز، عصام.(2010). واقع تدريب معلمي ومعلمات المرحلة الثانوية أثناء الخدمة بمحافظات غزة، مجلة الجامعة الاسلامية) سلسلة الدراسات الانسانية، المجلد(18)، العدد(2).
- الجارودي، ماجدة. (2011). قيادة التحويل في المنظمات ،الطبعة الاولى ، مكتبة الملك الفهد للنشر، الرياض، مملكة العربية السعودية.
- حسنين،حسين محمد( 2005) . تقويم التدريب، دار مجدلاوى للنشر والتوزيع ، عمان ، الأردن .
- حسين ، بانقا طه الزبير، الحسن، الرشيد حبوب محمد(2017).برنامج تدريبي مقترح لتطويرتدريب معلمي العلوم أثناء الخدمة بالمرحلة الثانوية في ضوء معاييرإدارة الجودة الشاملة بوالية الخرطوم ، مجلة الجزيرة للعلوم التربوية والانسانية ، مجلد (14)، العدد(17).
- داود، أمان(2014). مستوى الفاعلية التربوية لبرنامج تأهيل معلمي المرحلة الاساسية الدنيا أثناء الخدمة من وجهة نظرهم و علاقته باتجاهاتهم نحو مهنة التدريس(رسالة ماجستير غير منشورة،)،جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.
- الزهراني، بندر بن سعيد(2010). دور الدورات التدريبية في تطويرالمهارات التدريسية لمعلمي التربية الفنية من وجهة نظرهم(رسالة ماجستير غيرمنشورة)كلية التربية، جامعةأم القرى.
- السامرائي ، عباس فاضل خلف (2022).معوقات التدريب اثناء الخدمة لمدرسي المواد العممية في المدارس الثانوية من وجهة نظرهم، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، العدد(93).
- سناء، أحمد محمد (2010). مقترح برنامج لتدريب معلمات رياض الاطفال أثناء الخدمة بمحلية بور تسودان بوالية البحر الاحمر في ضوء الاتجاهات العالمية المعاصرة.رسالة دكتوراه؛ كلية التربية،جامعة الخرطوم.
- العاجز، فؤاد علي(2010), واقع تدريب معلمي ومعلمات المرحلة الثانوية أثناء الخدمة بمحافظات غزة، من وجهة نظر المعلمين والمعلمات،مجلة الجامعة الإسلامية ، سلسلة الدراسات الإنسانية. مجلد(18)، العدد(2).
- عبدالرحمن ، ايمان جميل عبدالفتاح (2019). معوقات تدريب المعلمين اثناء الخدمة وسبل التغلب عليها في محتثظة العاصمة عمان، مجلة البحث العلمى فى التربية العدد(20).
- العتيبي، حسناء(2017). معوقات تدريب المعلمات أثناء الخدمة في مدارس مدينة الرياض من وجهة نظر المديرات والمعلمات، مجلة العلوم التربوية والنفسية، المجلد(1)- العدد (2).
- عطاري، توفيق وعيسان، صالحة ومحمود، ناريمان(2005). الاشراف التربوي: نماذجه النظرية وتطبيقاته العملية. مكتبة الفلاح ،الكويت.
- عطوي،جودت عزت(2001). الإدعرة العملمية زالاشراف التربوي اصولها وتطبيقاتها ، مطتب دار الثقافة للنسر والتوزيع ,عمان ،الاردن.
- علي، محمد(2018). التدريب التربوي بين عقبات الواقع وطموحات المستقبل. مؤتمر التدريب في الوطن العربي بين الامل و الالم، مصر.
- عليوه، السيد (2001). تحديد الاحتياجات التدريبية ، الطبعة الثانية ،دار ابتراك للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
- القحطاني، علي بن سعيد سعد(2019). التحديات التي تواجه إقامة برامج تدريب لمعلمي المرحلة الثانوية من وجهة نظرهم، مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية و النفسية،الجزء(4)، العدد(11).
- القحطاني، علي. (2019). التحديات التي تواجه إقامة برامج تدريب لمعلمي المرحلة الثانوية من وجهة نظرهم. مجلة جامعة الفيوم للعلوم التربوية والنفسية، العدد(11)، الجزء(4).
- المغيدي،الحسن محمد( 1997).معوقات الإشراف التربوي كما يراه المشرفون و المشرفات في محافظة الأحياء التعليمية، مجلة البحوث التربوية بجامعة قطر ، العدد (12).
- نوفل، محمد بكر (2008). تطبيقات عملية في تنمية التفكير باستخدام عادات العقل، الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
- هلال ،محمد عبدالغني (2003).دراسة الاحتياجات والتخطيط والتدريب،الطبعة الاولى، مركز تطوير الاداء والتنمية ،مصر.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

- James C. Miller. (1993). “Guides for on-the-Job Traning”, In Leadership In The Office, (N.y; American Management Association) pp90-91

- Stattler, M. (2001). A Study of inservice training needs of teachers Dissr. Abstr Iner, V. 72, N.25

- Dennis,D.(1999).Reading Better and Faster Http:/ www. Learningfirst .org/readingaction,24-7-2024.The training of teacher in England and Wales Hadder,C.(1997). London, Stonghton

**معوقات العملية التدريبية لدى مدربي وزارة التربية من وجهة نظر معلمي المدارس الاساس في مركز محافظة أربيل**

**عثمان عبدالله حمه أمين/** قسم العلوم الاجتماعيات كلية التربية الاساسية،جامعة صلاح الدين–أربيل،اقليم كوردستان،العراق
osman.hamdamin@su.edu.krd
**آرام غريب قادر/** قسم العلوم الاجتماعيات كلية التربية الاساسية،جامعة صلاح الدين–أربيل،اقليم كوردستان،العراق
aram.qadir@su.edu.krd

**الملخص**

هدفت هذه الدراسه إلى معرفة معوقات العملية التدريبية لدى مدربي وزارة التربية من وجهة نظر معلمي المدارس التربيةالاساس في مركز محافظة أربيل, ولتحقيق ذلك؛ تم استخدام المنهج الوصفي التحليلي، واستخدم الباحثان إستمارة إستبيان كأداة بحثية مكونة من (40) فقرة موزعة على (5) مجالات هي: (اهداف الدورة التدريبية، و بيئة التدريب، ومحتوى الدورة التدريبية، والمدربين، وأساليب وانشطة التدريب) وبعد التأكد من صدق وثبات الاداة تم تطبيقها على عينة البحث حيث بلغت (444) معلماً و معلمة للعام الدراسي 2023–2024. اشارت نتائج الدراسة إلى أن الدرجة الكلية لمعوقات تدريب المعلمين أثناء الخدمة كانت بدرجة "متوسطة"، وكان أعلى درجة لـ "معوقات تتعلق بالمتدربىن" وأدناها "معوقات تتعلق بالبئة التدرىب"، مما يؤشر وجود بعض معوقات تعترض الدورات التدريبية، كما اظهرت النتائج وجود فروق ذات دلالة إحصائية بين متوسطات إجابات عينة البحث بمستوى دلالة(0.05) تعزى لمتغير(الجنس) ولصالح المعلمات، كما اظهرت النتائج وجود فروق ذات دلالة إحصائية بين متوسطات إجابات عينة البحث بمستوى دلالة(0.05) تعزى لمتغير(سنوات الخدمة) ولصالح سنوات الخدمة اكثر من (10) سنوات.

**الكلمات المفتاحية:** معوقات التدريب، التدريب اثناء الخدمة، المدربين، المعلمين

**Obstacles to the Training Process for Ministry of Education Trainers from the Point of View of Primary School Teachers in the Center of Erbil Governorate**

**Osman Abdullah Hama Amin/** Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahuddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
osman.hamdamin@su.edu.krd
**Aram Gharib Qadir/** Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahuddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
aram.qadir@su.edu.krd

**Abstract**

This study aims to identify obstacles in the training process for trainers of the Ministry of Education from the perspective of primary school teachers in the heart of Erbil Province. To achieve this, a descriptive analytical approach was used, and the researchers used questionnaires as a research tool consisting of (40) paragraphs (5) distributed in areas (training course objectives, training environment, training course content, trainers, training methods and activities). After verifying the effectiveness and reliability of this tool, it was applied to a study sample that reached 2024-2023gender teachers (444). As a result, the total degree of disability for in-service teacher training was "medium", the highest was "disability related to trainees" and the lowest was "disability related to training environment", indicating the existence of some disability facing the training course. The results also showed a statistically significant difference between the average of the study sample responses at a significance level (0.05) attributed to the variable (gender) and the favor of female teachers. The results also showed a statistically significant difference between the average of the study sample responses at a significance level (0.05) due to the variable (length of service) and in favor of (10) years of service or more.

**Keywords:** barriers to training, in-service training, trainers, teachers